# چارەنوسساز هەیە و چارەنووسازتر

**ڤینۆس فایەق**
**هولەندا**

**زۆر جار سوێند ئەخۆم باس لە سیاسەت نەکەم و تەنها شیعر بنووسم ، کەچی سوێندەکەم بۆ نابرێتە سەر ، هەرچەندە نە لە سیاسەتدا و نە لە لیکۆڵینەوەی سیاسیدا پسپۆڕنیم و باوای دانیێن هەر هیچ لە سیاسەتی ئەمڕۆ تێناگەم ، بەلاّم خۆ لەوە تێدەگەم کە دۆزی کورد لە هەموو ناوچەکە و لەسەر ئاستی نێو نەتەوەیی چوارچێوەیەکی نوێ و قالبێکی نوێ لەخۆ گرتووە ، هەرنەبێ ئەمڕۆ کورد دەسەلاّتێکی بەدەستەوەیە ، و بەتایبەت لە دەروەی کوردستان چاودێران و پسپۆڕان و شارەزایانی بواری سیاسەت بە چاویلکەی جیاواز لەچاویلکەکانی دوێنێ ئەڕواننە دۆزی کورد و بە پێوانەی تر ئەیپێون .. بۆیە زوربەی جار ناتوانم چاو بخشێنم لە هەندێ شت کە لە چوار دەورمان روو ئەدات ، کەسانی رۆشنبیر هەر نەبێت چەکێکیان بەدەستەوەیە ، ئیدی نازانم بۆ بەکاری نەهێنن ، ئەو چەکەش بێگومان نووسینە ، و نووسینیش ئامرازێکی ئاشتیانەیە هەمیشە بەکارهێنراوە بۆ بەرەنگاریکردن و دژوەستان ..**

**هەرلەو روانگەیەوە بە پێی تێگەیشتنی سادە و ساکارانەم بۆ مەسەلە سیاسیەکان ئەڕوانمە مەسەلەی (رێکەوتن) یان (رێکنەکەوتنی) یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە (کێشەی) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەبینم ئەو مەسەلەیە گەلێ رەهەند بەخۆیەوە دەگرێ ، کوردستانی ، عیراقی ، ناوچەیی و ئینجا نیونەتەوەیی..**

**تا دوێنێ داوای دەولەتی سەربەخۆمان ئەکرد ، وای بۆ ئەچم ئەگەر سیاسەتی نێونەتەوەیی بڕەخسایە ئەو دەولەتە دروسبایە شەڕی (ناوخۆ) یان (براکوژی) لە کوردستاندا سەری هەلئەدایەوە ، ئەو کاتە کوردێک نەدەبوو رەوانەی بەغداکرێ بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عیراق و یەکێکیش بکرێتە سەرۆکی هەرێم ، ئەوکاتە هەموو لەسەر کورسیەکانی کوردستان دەستەویەخە شەڕ ئەکرا..**

**بەڕێز مەسعود بەرزانی پێی وایە –هەروەک لە دەقی نامەکەیدا هاتووە بۆ بەڕێز مام جەلال– گوایا** با مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم نەکرێتە کۆسپ لەبەردەم کێشە چارەنووسسازەکاندا، **هەروەها لە نامەکەیدا هاتووە** : "داوای کردووە مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان جارێ دوابخرێ و نەکرێتە کێشە و گیروگرفت لەبەردەم مەسەلە چارەنووسسازەکاندا" ، **و زیاتریش روونی کردۆتەوە و دەلێ**: "پاراستنی گشت ئەو دەستکەوتانەی تا ئێستا بەدەست هاتوون و هەروەها مەسەلەی دەستووری هەمیشەیی و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ئەو ناوچە کوردستانیانەی تا ئێستا نەخراونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان وەك دوو مەسەلەی چارەنووسساز و پاراستنی یەکڕیزی گەلی کوردستان و خۆ سازکردن بۆ ئەو بابەتانە گرنگترن" .

ئەمانە هەمووی قسەی جوانن و بەجێن ، بەڵام کاتێ کە ماڵی کورد ڕێککەوتووبێت و هەموو یەکگرتووبین هەرنەبێت لەناو خۆماندا ، نازانم بە بەرژەوەندی کێیە تێکەڵکردنی کارتەکانی گەمەی سیاسی ئەڕۆ لە کوردستاندا؟ بەڕاستی لەو لۆجیکە تێنەگەیشتم کە تا ئیستا مەسەلە چارەنووسسازەکانی پێ جیا ئەکرێتەوە لە کوردستان ، باشە ئەگەر تا ئەمڕۆ لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم نەتوانن ڕێککەون ، ئیدی چۆن لەسەر ئەو مەسەلە چارەنووسسازانە ڕێکدەکەون ، پاشان داخوا کامیان لە کامیان چارەنووسسازترە بێ خاتر و خۆتری بەرژەوەندیەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە؟؟ یان باشتر وایە بڵێم دەبێ چی پێش چی بخەین؟ یەکلاکردنەوەی مەسەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و یەکخستنی ریزەکانی گەل و ڕێکخستنی ماڵی کورد ، ئینجا یەکگرتوویی و سەربەرزانە بەشداری کردن لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عیراق و پێداگرتن لەسەر ئەو مەسەلە چارەنووسسازانەی بەڕێزی لە نامەکەیدا ئاماژەی پێداوە؟ یان ڕێکنەکەوتن و یەکنەگرتنەوەی دوو ئیدارەکە و بەشداری کردن لە داڕشتنەوەی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا ، ئەوکاتە نەتەوەکانی تری عیراق بڵێن ئێوە پێتان ناکرێ هەرێمێک بەرن بەڕێوە و ڕێکناکەون لەسەر سەرۆکایەتی هەرێمێک ئیستا باس لە دەستوور ئەکەن؟ لە کاتێکدا عیراقیەکان ئەگەر لەبەر هەر ئامانجێکی ناو نەفسی ئیبلیسیش بووبێت بێ یەک و دوو سەرۆکایەتی عیراقیان پێداین..

تێناگەم کە کورد ژێر دەستەبوو و قڕ ئەکرا باشتر ئەمانزانی چیمان ئەوێت و چیمان ناوێت ، کەچی ئیستا کە دەسەڵاتمان بەدەستەوەیە هەموویمان تێکەڵ کردووە و نازانین چیبکەین و چی نەکەین؟